
هەموو ڕۆژێک
دڵۆپەکانی فرمێسکی سارا پێش وشەکانی دەکەوتن، دەستە
لەرزیوەکانی بەتوندی بە جانتاکەیەوە گرتبوو، بەدەم گریانەوە
باسی ئەوەی بۆ دەکردم، کە چۆن ئەو دەفتەرەی لێ ونبووە کە
پڕیەتی لە تێبینی گرنگ و زانیارییەکانی تایبەت بە تاقیکردنەوەکان
و هەندێک نموونەی زانستی و نازانێت چۆن خۆی بۆ
تاقیکردنەوەکان ئامادە بکات کە نزیکبوونەتەوە.
پێموت خەفەت مەخۆ هاورێی ئازیز،
هەر کێشەیەک و چارەسەری هەیە، من
دەرفتەرەکەی خۆمت دەدەمێ،
چیت پێویست بوو بینووسەرەوەو
دواتر بۆمی بگێڕەرەوە. فرمێسکی
سارا وشکبوو و زەردەخەنە کەوتە
سەر لێوەکانی و گەشایەوە، ڕاستە
دەفتەرەکەم خۆشەویستەو زۆر پێوەی
ماندووبووم، بەڵام سارای هاورێم
خۆشەویستترە.
ڕۆژێک سارا نەهات بۆ قوتابخانە، بۆیە پاش
قوتابخانە چوومە سەردانیی، بۆ ئەوەی
گشت وانەکانی بدەمێ و شیانکەمەوە
بۆی...
ئەمەو گەلێک کاری تر کە بۆ هاورێکەم
کردو هەمیشە دەستی یارمەتیم بۆ درێژ
دەکرد، هەتاکو ڕەزامەندو بەختەوەر بێت.
ڕۆژێک پلەی گەرمیی لەشم
بەرزبووەوەو توشی هەڵامەت بووم و
دەبوایە لە ماڵەوە بمێنمەوەو
نەچمە قوتابخانە.
زۆر خەفەتم خوارد، بەڵام دڵخۆش
بووم بەوەی سارا هاورێمەو
«هاورێ هاورێی کاتی تەنگانەیە».
بۆیە تەلەفونم بۆ کردو داوام لێ کرد
باسی ئەو شتانەم بۆ بکات،
کە لە قوتابخانە ڕوویاندابوو.
داچڵەکیم، کاتێک گوێم لە وەڵامەکەی بوو، وتی:
کێ پێیوتی ئەمڕۆ نەیەیتەوە بۆ قوتابخانە،
ئیمڕۆ مامۆستا زۆر خاڵی گرنگی دەربارەی
تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ باسکرد. من بەیانی
زوو چوومە قوتابخانەو زۆر ماندووبووم تاکو ئەو
زانیاریانەم وەرگرت و لە دەفتەرەکەمدا تۆمارمکرد!!
چۆن هەروا بەئاسانی و بێ ئەوەی ماندووبیت
دەیاندەم بەتۆ؟! بەهەرحاڵ، ئێستا نان دەخۆم و
دوایی سەیری تەلەفزیۆن دەکەم، دواتر پەیوەندیم
پێوە بکە، هەتاکو بزانین چیدەکەین؟
بەڕای ئێوە هاوڕێیان پەیوەندیی پێوەبکەم؟
وەڵامەکەت بنێرە بۆ ئەم ناونیشانە
halkauta@gmail.com